# کشتوکاڵ وکارگێڕیی بەرهەمە کشتوکاڵییەکان لە کەلتوری نەینەوا پێنجدا

**عثمان توفیق فتاح، کوزاد محمد احمد**

بەشی شوێنەوار کۆلێجی زانستەمرۆڤایەتیەکان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق

**پوختە -** کەلتوری نەینەوا پێنج بەو کەلتورە ئەوترێت کە لەسەرەتایی هەزارەی سێیەمی پ.ز. لە زۆربەی خاکی (باشوور، باکوور و ڕۆژئاوای کوردستانی ئێستا) بڵاوبوەوە و بۆ ماوەی ٥٠٠ ساڵ بەردەوام بوو. سەرەڕایی کۆمەڵێک ئاستەنگی ژینگەیی وەک کەمبارانی. کشتوکاڵ و کارگێڕیی بەرهەمە کشتوکاڵییەکان لەو دەمەدا دوو سەرچاوەی گرنگی ئابووری کۆمەڵگای نەینەوا پێنج بوون .

ئەم توێژینەوەیە کە بەشێکە لە نامەیەکی دکتۆرا دەربارەی کەلتوری نەینەوا پێنج، هەوڵ ئەدا ئەو دوو لایەنە گرنگەی ژیانی ئەو کۆمەڵگایە بناسێنێت. توێژینەوەکە دابەشکراوە بە دوو بەشەوە یەکەمیان بەتایبەتە بەکشتوکاڵکردن و چۆنیەتی هەوڵدانی خەڵکانی نەینەوا پێنج بۆ زیادکردنی بەرهەمە کشتوکاڵیەکان. بەشی دووەم: تایبەتە بە کارگێڕی کردنی کشتوکاڵ و گەنجینەکان. تێدا باس لە چۆنیەتی دروستکردن سایلۆکان/ ژورە کەنوییەکان و هەڵگرتنی دانەوێڵەکان کراوە.

**کلیلە ووشە:** کشتوکاڵ، کوتان و دروێنە، نەینەوا پێنج، خۆراک لە کوردستانی کۆن.

## کشتوکاڵکردن

لە کەلتوری نەینەوا پێنجدا چەند بنەمایەکی ئابوری بەدیکراون بەتایبەت لە بەکارهێنانی مۆر و گەنجینەی دانەوێڵە و بەرهەم هێنانی بیرە. بەدڵنیاییەوە کشتوکاڵ و ئاژەڵداریش لە پیشە گرنگەکانی نەینەوا پێنجیەکان بوون(Schwartz, 1985, p. 62).

کشتوکاڵکردن سەرەڕای ئەوەی پێداویستیەکی لە پێشینەی دانیشتوانی باکووری مێسۆپۆتامیا بوە و چەند هەزار ساڵێك پێش باشوور کەوتون لە ئەزمون کردن و بەرهەم هێنانی دانەوێڵەدا. بەڵام کۆمەڵێك ڕێگری و مەترسی لەبەردەم جوتیارانی باکووردا هەبون وایان کردوە زۆر جار نەتوانن بەرهەمیان لەپێداویستی خۆیان زیاتربێت. ئەو ڕێگرییانەش چەند لایەنەن، لەوانە کەم بارانی، ووشکە ساڵی و لەبار نەبونی بەشێک لە زەوییەکان بۆ کشتوکاڵ کردن بەتایبەت ناوچە شاخاوییەکان، هەم کێڵان تێیاندا قورس بوە هەمیش زەوی لەبار بۆ کشتوکاڵ کردن کەمە. لایەنێکی تریش بریتیە لە هۆیەکانی گواستنەوە لە باکوور زۆر زەحمەت تربووە لە چاو باشوور، چونکە لەباشوور ڕێڕەوە ئاویەکان توانای گواستنەوەیان زیاتر و ئاسانتر و خێرا تر کردوە لەچاو باکوور (Ur, 2004, pp. 47-8). ئەم گرفتانە وایان کردوە لە باکوور توانای کشتوکاڵ کردن و بەرهەم هێنانی دیاری کراوبێت. ئەمانەش وەک هۆکاری سەرەکی ئەبینین کە شاری گەورە و ناوەندی کەمتربێت لە چاو باشوور.

لەگەڵ ئەوەی ناوچە دەشتەکانی هەولێر، کەرکوک، موصڵ و قامیشلی وەک گەنجینەی خۆراکی مێسۆپۆتامیا زانراون (Weiss, 1983, p. 40). بەڵام هێشتا زۆر توێژینەوە باس لەوە ئەکەن کە ئەو هۆکارانەی سەرەوە وایان کردوە کە بەرهەمی کشتوکاڵی باشوور بە دوو هێندەی بەرهەمی باکوور بخەمڵێنرێت لە سەر پارچە زەویەکی دیارکراو(Weiss, 1986, p. 95). بۆ نمونە لە یەک هێکتار زەوی بەراو ئەتوانرێت نزیک بە یەک تەن دانەوێڵە بەرهەم بهێنرێت، بەڵام لەزەوی دێمی تەنها ٣٠٠ کگم بەرهەم دێت (Hole,1999, T. 2.). ئەکرێ هەر ئەمەش وایکردبێ کەلە باکوور لەگەڵ ئەوەی کشتوکاڵ کردن سەرچاوەیەکی گرنگی ئابوری بوە، بەڵام ئاژەڵداریش سەرچاوەیەکی تری ژیانی هەرێمە بچوکەکان بوە بەتایبەت لەو ساڵانەی کشتوکاڵ کردن لە نەهاتدا بوە (McMahon, 2020, p. 300). بۆ نمونە بەڵگە شوێنەوارییەکانی گردی مەتبەخ دەریانخستوە کە کشتوکاڵ کردن سەرچاوەی سەرەکی ژیانیان نەبوە، سەرەڕای ئەوەی کە کۆمەڵێک بینای گەورەشی تێدا دۆزراوەتەوە، بەڵام ئەکرێ نشینگەکە پیشەیەک یان تایبەتمەندیەکی تری هەبوبێ جگە لە کشتوکاڵ کردن( Ball and Warwick, 2003, pp. 338 -339).

لەسەروو ئەو ڕێگریانەشەوە توانای زاڵبون بەسەر کۆسپەکانی بەردەم کشتوکاڵ کردن و بوونی زەویەکی بەپیت و ژینگەیەکی گونجاو بۆ کشتوکاڵ وایکردوە کە تەنها لە ناوچەی خابوور لەسەردەمە جیاوازەکاندا سەروو ٥٠٠ نشینگە لە سنوری ١٦٠کم چوارگۆشەدا هەبێت (Schwartz, 1985, p. 61). ئەم ناوچەیە بەشێکی گرنگی کەلتوری نەینەوا پێنج لەخۆ ئەگرێت و چەندین نشینگەی کەلتورەکەی لە خۆ گرتوە، لەیلان لە کوردستانی ڕۆژهەڵات، یەکێکە لەو ناوەندانە و لە کۆتاییەکانی کەلتوری نەینەوا پێنجدا ژمارەی دانیشتوانی چەند جار زیادی کردوە لە چاو سەرەتای کەلتورەکە و مەزەندە کراوە کە ژمارەی دانیشتوانی لە ١٥٠٠ کەسەوە بۆ ٥٤٠٠ کەس زیادی کردبێت (Weiss, 1986, 95). بێگومان ئەمەش پێوستی بە خۆراک و کشتوکاڵ کردنی زیاتر و زەوی زیاتر هەبوە بۆ ژیاندنی دانیشتوانەکەی، چونکە خەمڵێنراوە بۆ ژیاندنی یەک کەس لەباکووری مێزپۆتامیا ٣ هێکتار زەوی پێویست بوە (Weiss, 1986, p. 95). بۆ نیشتەجێبونیش ناوەندێکی وەک لەیلان بۆ هەر ٦٠ کەسێک هێکتارێک زەوی پێویست بوە (Stein, 2003, p. 363). ئەم گۆڕانکارییانە لە

مجلة جامعة التنمية البشرية

المجلد 10، العدد 3(2024) ؛ عدد الصفحات (6)؛ معرف الكائن الرقمي: 10.21928/juhd.v10n3y2024.pp12-17

ورقة بحث منتظمة: أُستلم البحث في 22 شباط 2024؛ قُبل في 18 نيسان 2024؛ نُشرت في 10 تموز 2024؛

البريد الإلكتروني للمؤلف : othman.tawfeeq@univsul.edu.iq, kozad.ahmad@univsul.edu.iq

حقوق الطبع والنشر ©2024 عثمان توفيق فتاح، كوزاد محمد احمد. هذه مقالة الوصول اليها مفتوح موزعة تحت رخصة المشاع الإبداعي النسبية - CC BY-NC-ND 4.0

شێوازی ژیانی نشینگەکە وانیشان ئەدا کە کۆمەڵگەیەکی ئاڵۆزی ڕوو لەشارستانی بوە(Stein, 2003, p. 363).

لەو پانتاییەی کەلتوری نەینەوا پێنجی تێیدا گەشەی کردوە، لە ڕووی کشتوکاڵەوە بەناوچەی کشتوکاڵی دێم dry- farming ئەناسرێت (Weiss, 1986, p. 95). بۆ ڕووبەڕوو بونەوەی مەترسییەکانی سەر کشتوکاڵکردن، جوتیارەکان ستراتیجیەکی کشتوکاڵی جیاوازتر لەوانەی باشووریان بەکارهێناوە. بەوەی کە هەستاون بە چاندنی زیاتر لە جۆرێک دانەوێڵە. بۆ ئەوەی بتوانن خۆراکی خۆیان دابین بکەن لە هەر ئەگەرێک کەدێتە پێشیان. سەرەڕای فراوان کردنی زەویە کشتوکاڵیەکان بۆ زیادکردنی بەرهەم، بۆ هەر جۆرە خاکێک کە فراوانیان کردوە جۆرێک دانەوێڵەیان چاندوە کە گونجاوبێت لەگەڵ سروشت و ژینگەکەی. بۆ نموونە لەبری جۆی گوڵ شەش ڕیزی کەلە باشوور بەرهەمداربوە، جوتیارەکانی نەینەوا پێنج لە لەیلان جۆی گوڵ دوو ڕیزیان چاندوە، چونکە لە زەوییە کەم ئاوەکانی دوور لە گوێ چەم و ڕێڕەوە ئاوییەکاندا ژیاوە و بە بڕێکی کەم باران بەرهەم هاتوە (Wetterstorm, 2003, p. 387). گەنمی جۆری ئیمێر Emmer وێنەی ژ.١ و گەنمی گوڵەڕووت کە بە دوودروم (القمح القاسی)یش ناسراوە، چێنراون. ئەم دوو جۆرە گەنمە سەرەڕای ئەوەی بەرگەی کەش و هەوای باکووریان گرتوە، هەر یەکەیان سیفەتێکی تایبەتیان هەیە، بۆ نمونە گەنمی ئیمێر بەرگەی هێرشی باڵندەی گرتوە چونکە گوڵەکەی بەهێزە و گەنمی گوڵە ڕووت / دوودرومیش ئاسان بوە لە بەرهەمهێناندا و پێویستی بە هێزی کاری کەمتر بوە و بەرگەی زستانی سارد و باراناوی و هاوینی گەرم و ووشکیشی گرتوە (Wetterstorm, 2003, Pp. 389-393). گومان وایە کە جوتیارەکان لە ڕێگەی زانینی خەسڵەتی هەر یەکە لەم جۆرە دانەوێڵانەوە توانیویانە شوێن و وەرزی جیاواز بەکاربهێنن بۆ چاندنیان. ئەوەش زانراوە لە سەرەتایی کەلتورەکە کشتوکاڵی بەراویان کردوە بەڵام دواتر زەوییە دێمەکانیشیان بەکار هێناوە. سەرەڕای گەنم و جۆ، نیسک و نۆک و چەند جۆری تری دانەوێڵەشیان بەرهەم هێناوە (Wetterstorm, 2003, Pp. 389-93).

لەم کەلتورەدا دانیشتوان لەو ناوچانەی کەلەبار نەبوە بۆ کشتوکاڵ کردن دەستەوەستان نەبوون، بەڵکو تایبەتمەندی پیشە لەناوچەکاندا هەبوە. بۆ نمونە درک بەوە کراوە کە ناوچەی خابوری سەروو کە لەبارتر بووە بۆ کشتوکاڵ کردن، پاش دروێنەکردن، خەرمانەکان گواستراونەتەوە بۆ ناوەڕاستی خابوور و لەوێ کوتراون و شەن کراون، پاشان دانەوێڵەکان کراونەتە گەنجینە/ ژووری کەندووی تایبەتەوە، بۆ بەکارهێنانی ناوخۆیی یان گواستنەوەیان بۆ بازاڕەکانی سەر ڕۆخی خابور وەک ماری (Badra, 2015, p. 109). ئاوەدانییە گەورەکان کە کەوتونەتە خابوری سەروو ئیشیان کارگێڕیکردن و شوێنی نیشتەجێ بوونی پێشەوەرەکان بوە، بۆ نمونە لە هەریەکە لە گردەکانی عەربید و خەزنە پاشماوەی یەکەی کارگێڕی دۆزراوەتەوە،(Badra, 2015, p. 112) لە کاتێکدا لە خابوری ناوەڕاست ئاوەدانیەکان قەبارەیان بچوکترە و بەشێوەیەک بنیاتنراون کە ئەرکیان بریتی بێت لە ئامادەکردن و هەڵگرتنی دانەوێڵەکان وەک نشینگەکانی جەدیدە، عەتیج، ڕەقای و زەیدیە. ئەمەش ئەوە ئەگەیەنێ کە ڕێکخستنێکی ئابوری لە نێوانیاندا هەبوە یان جۆرێك لە تایبەتمەندی پیشەییان هەبوە (Badra, 2015, p. 13).

ئەو جۆرە دانەوێڵانەی کەلەم کەلتورەدا بەرهەم هێنراون لە سەردەمەکانی دواتریشدا بەرهەم هاتوون و لەو جۆرانەن کە لەبارن بۆ ئاو و هەوای ناوچەکە. جۆ لە مێسۆپۆتامیای کۆندا زیاتر بەرهەم هێنراوە و لەدەقە مێخیەکانیشدا بە زمانی سۆمەری بە (še) و بەزمانی ئەکەدی بە (šeʾum)، ناوی هاتوە، گەنمی جۆری ئیمێر بە سۆمەری بە (ziz2) و بە ئەکەدی بە (ziz(z)um) ناوی هاتوە، گەنمی گوڵە ڕووتە/ دوودروم بە سۆمەری بە (gig) و بە ئەکەدی بە(kibtum)، ناوی هاتوە (Paulette, 2015, p.8).

لە شوێنەواری عەتیج ژمارەیەکی زۆر تیغی بەردین دۆزراونەتەوە، توێژینەوەیەک دەریخستوە کە ئەم تیغانە بەتەنها نەکراون بە دەمی داسەکانەوە بەڵکو بۆ کوتانی خەرمانیش بەکارهاتوون لە ڕێگەی داکوتینی ژمارەیەکی زۆر لەم تیغانە بە تەختەدارێکەوە کە ئەبەسترا لە ووڵاخێک و کەسێک لەسەر تەختە دارەکە دەوەستا بۆ قورسکردنی و ئاسانکردنی کاری کوتانی خەرمانەکە. لە ئەرسەلان تەپە مۆرێکی لولەیی هەزارەی چوارەم دۆزراوەتەوە کە ئەم بابەتە ڕوون ئەکاتەوە (وێنەی ژ. ٢)، لەهەمان کاتیشدا تا ئەم ساڵانەی دوایی لە باشووری سوریای ئەمڕۆ ئەمە پەیڕەو کراوە (وێنەی ژ. ٣) (Anderson et al, 2006, p. 1559). بەڵام لەباشووری کوردستانی بۆ کوتانی خەرمان گێرەکردن بە گوێدرێژ و جەنجەڕ بەکار ئەهات.

## گەنجینە/سایلۆکانی دانەوێڵە

یەکێک لە بنەما گرنگەکانی شاریبون بریتیە لە تایبەتمەندی وەرگرتن لە پیشەدا، هەڵگرتنی دانەوێڵە لە گەنجینەدا لەم کەلتورە پیشەیەکی سەرەکی بوە (Badra, 2015, p. 9)، بینای گەنجینە هەرچەنە لە هەموو مێسۆپۆتامیا نمونەی دۆزراوەتەوە. بەڵام وا دەرئەکەوێ یەکێک بوبێت لە تەلارسازییە سەرەکییەکانی نەینەوا پێنج (Del Bravo, 2012, p. 373). ئەم پیشەیە لەناوچەی خابور لەسەرەتاوە تا کۆتایی نەینەوا پێنج بەردەوام بوو، پاشان بەگشتی پوکایەوە، لە هەندێک ناوچە بەردەوام بوو تا سەردەمی ئەکەدی (Badra, 2015, p. 9). ئەمە تەنها لە خابور نەدۆزراوەتەوە بەڵکو لە ڕۆژهەڵاتی کەلتورەکەش نمونەی زۆری لێدۆزراوەتەوە، بۆ نمونە لە گردەکانی بیللا، کارانا ٣ و تلول ئەل ثلاثات. ئەمەی سێیەمیان گەنجینەکەی زۆر گەورەیە بە پێوانەی ١٧ بە ١٦م، (وێنەی ژ. ٤)(Rova, 1988, p. 115) ئەمەش نیشانەیە بۆ گرنگی و گەورەیی نشینگەکە. لە کارانا ٣ شوێنەواری چەند گەنجینەیەک دۆزراونەتەوە کە هەریەکەیان بۆ قۆناغێکی کەلتورەکە ئەگەڕێتەوە، کە یارمەتیدەرن بۆ بەراوردکردنی شێوازی بیناسازیی گەنجینەکان لەقۆناغە جیاوازەکاندا (Del Bravo, 2012, p.373).

جگە لە گەنجینە گەورەکان، هەندێک خێزانیش دانەوێڵەی خۆیان لای خۆیان هەڵگرتوە و بۆ بەکارهێنانی ژیانی ڕۆژانەی خۆیان (Pfälzner, 2002, p. 262). وەک ئەوەی گردی صیانە عولیا، هەر چەندە شوێنی گردەکە لە دەشتێکی بەپیتە بەڵام قەبارەی گەنجینەکە لە هی ماڵی جووتیارێکی گەورەی تێناپەڕێت (Ball, 2003, p. 338).

### أ: بیناسازی گەنجینەکان

لەسەرەتای کەلتورەکەدا تایبەتمەندییەک لە بیناسازی گەنجینەکاندا هەبوە، کە بریتیە لە دیزاینکردنی بینای گەنجینەکان بەشێوەی ژووری درێژی هاوتەریب "grill plan structure" و ڕووپۆشکردنی سەردیواری ناوبڕەکان بە ڕاخەرێکی لە قامیش دروستکراو "حەسیر"(Badra, 2015, p.112). لە چەندین شوێن نمونەی دۆزراوەتەوە وەک زەیدیە، عەتیج و هتد (وێنەی ژ: ٥)(Fortin, 1988, p. 19). هۆکاری دروستکردنی ئەم گەنجینانە بەشێوەی ژووری باریکی هاوتەریب بۆ پاراستنی

دانەوێڵەکان لە مشەخۆرەکان بوە، ئەم ڕێڕەوانە بریتی بون لە دیواری نزمی لەخشتی قوڕ دروستکراو سەریان بەقامیش دائەپۆشرا و پاشان بە قوڕ سواخ ئەدران (Rova, 1988, p. 115) و ژێرەویان بە کراوەیی ئەمایەوە بۆ هەوا گۆڕکێ (Hole, 1999, p. 269). ئەم جۆرە بیناسازییە لە مێسۆپۆتامیا لەسەردەمی حەسونەوە بەکارهاتوە و لەهەریەکە لە گردەکانی مەظهور، گوبە لەدەشتی حەمرین و ئەبول قاسم و چەند شوێنی تر دۆزراونەتەوە (Killick and Roaf, 1979, p. 541.). لەسەردەمی نەینەواش لە هەریەکە لە کارانا ٣ و ثلاثات و عەتیج، ڕەقای و مەشنەقە دۆزراونەتەوە (Fortin, 1995, p. 32). جگە لەمێسۆپۆتامیا لە ئەنادۆڵ لە چایۆنۆی سەردەمی بەردینی نوێ (Fortin, 1995, p. 32)، و تەنانەت لە پاکستانیش لەم جۆرە بیناسازییە باوبوە (Mellaart, 1975, p.52, Cited by Rova, 1988, p. 115.).

لە قۆناغەکانی ناوەندیی و دوایی کەلتورەکەدا گۆڕانکاری لە سایلۆ و گەنجینەکان هاتۆتەدی، لە ڕووی ژمارە و شێوەیان. لەگەڵ دیزاینی پێشوو دیزاینی نوێ پەیدا بوون کە سەربانەکانیان تاقین/ چەماوەین vaulted roof (Badra, 2015, p. 113). ئەم جۆرەیان زۆرینەیان دەرگایان نیيە و لە سەرەوە دانەوێڵە ئەکرایە ناویان و ئەکرێ لە کونێکەوە لە خوارەوە دانەوێڵەی لێ دەرهێنرابێت. سودی ئەم جۆرە بانانە بۆ کەمکردنەوەی مەترسی بوە لەسەریان(Schwartz, 1987, p. 95) و هەروەها ئەتوانرێت لێیانەوە زۆرترین دانەوێڵە بکرێتە گەنجینەکانەوە. هەندێک لە گەنجینەکانیش هەموو بانەکانیان تاقی نەبوە بەشێکیان بەکراوەیی هێڵراونەتەوە وەک ئەوەی گردی کنیدج، بە کەرەستەیەک دائەپۆشران کە بەئاسانی بجوڵێت (Badra, 2015, p. 112). لەدەلاقەکانەوە دانەوێڵە ئەکرایە ناویان (Paulette, 2015, P. 55). دیمەنی عەمبارکردنی گەنجینەکان لە سەرەوە لەسەر چەند شوێن/ چاپی مۆرێک لە سوسە و چۆخەمێش دۆزراونەتەوە (Paulette, 2015, figs, 2:1-2) . پێی ئەچێ گەنجینە سەر تاق/گومەزییەکانی نەینەوا پێنجیش بەهەمان شێوە عەمبارکرابن (Schwartz, 1987, p. 95) ، بەتایبەت ئەوەی ڕەقای کە پارچە شوێن مۆرێکی لێدۆزراوەتەوە کە هاوشێوەی ئەوانەی سوسەیە (وێنەی ژ: 6) (Sanchez, 2011, figs, 173-174).

چوار بۆ چوون هەن دەربارەی ئەرک و هۆی دروستکردنی ئەم گەنجینانە، کە یەکەمیان ئەوەیە بۆ کۆکردنەوە و ئامادەکردنی دانەوێڵەکان بوون پێش ناردنیان بۆ ناوچەی تر، وەک کاروان سەرایەک/ محطەیەک بەکارهاتوون بۆ ئەو دانەوێڵانەی بەڕێگایی ئاویدا هاتون و گواستنەوەیان بۆ ناوچەی تر(Badra, 2015, pp. 112-3). واتا بەکارهاتوون بۆ پڕکردنەوەی پێداویستی خۆراکی ناوەندە گەورەکانی وەک ماری/ تل حریری (Fortin, 1988, p. 19) و دەشتەکانی باکووریش هەمان ڕۆڵیان هەبوە بۆ پڕکردنەوەی پێداویستی ناوەندێکی گرنگی وەک لەیلان (Pfälzner, 2002, p. 261). دووەمیان، ئەوەیە کە ئەم گەنجینانە بۆ کۆکردنەوەی بەرهەمی ناوخۆیی و بەکارهێنانی ناوخۆیی گوندە بچوکەکان دروستکراون (Badra, 2015, p. 114). چونکە قەبارەی ژوورەکانی هەڵگرتنی هەندێکیان جێگای ئەوەنە دانەوێڵەی کردۆتەوە کەبەشی چەند خێزنێکی کەم بکات بۆماوەی ساڵێک، هوڵHole ئەمەی لە شوێنەواری عەتیج بەدی کردوە (الجميلي، ٢٠٠٦، ص. ١٩٩) بۆ چوونی سێیەم، ئەوەیە کە ئەم گەنجینانە بۆ دانیشتوانە ناوخۆییەکە و شوانکارەکانی ڕۆژئاوای خابور بوە، ئەوانەی کە وەرزانە نیشتەجێ بوون(Paulette, 2015, p. 24). بۆ چوونی چوارەم پێی وایە ئەکرێ وەک کادێن بەکارهاتبن(Hole, 1999, p. 275). بەڵام ئەمە زۆر لاوازە.

کاتێک سەیری سنوری ئەم گەنجینانەی خابوری ناوەڕاست ئەکەرێت کە هەمویان لەسەر ڕۆخی ڕوباری خابورن، ئەتوانرێت گریمانەی ئەوە بکرێ کە ئەم ڕوبارە بەهۆی لافاوی وەرزییەوە زەوییەکی بەپیتی لەقەراغ ڕوبارەکە دروستکردبێ بۆ دانەوێڵە کە هاوتای زەوی بەراو بەرهەمی دابێت و وایکردبێ کە زیاد لەپێویست دانەوێڵە بەرهەم بهێنرێت (نەخشەی ژ. ١). ئەکرێ ئەم سایلۆیانەش بۆ زیادەی ئەو بەرهەمانە بێت. لەهەمان کاتیشدا بەهۆی ڕوبارەکەوە هاتووچۆ و ناردنە دەرەوە ئاسانتر بوبێت لەچاو ناوچەکان (Hole, 1999, fig. 7).

### ب: کارگێڕی گەنجینەکان

دەربارەی کارگێڕی ئەم گەنجینانە ئەگەر بێت و تەنها ئەو گریمانەیەش بەهەند وەرگرین کە ئەم گەنجینانە بۆ دابەشکردنەوەی ناوخۆیی بوە، ئەوا پێویستی بە سیستەمێکی ناوەندی هەبوە کە هەستێ بەڕێکخستن و کارگێڕی کردنی ئەم پرۆسەیە، کە ئەکرێ لایەنێکی ئاینی یان سیاسی ئەمەی کردبێ پەرستگاکان لەباشووری مێسۆپۆتامیا ئەم کارەیان کردوە, (Pfalzner, 2002, pp. 261-262). بەڵام لە نەینەوا پێنجدا پێناچێ پەرستگاکان ئەو دەستەڵاتەیان هەبووبێت چونکە زۆربەی پەرستگاکان بەتایبەت ئەوانەی لە نزیک ئەم گەنجینانەن زۆر بچوکن و تەنها لە ژورێک پێکدێن (Schwartz, 1987, P. 98.). ئەکرێ پەرستگاکان دەسەڵاتی تەواویان هەبوبێ بەسەر چالاکیە ئاینیەکاندا، بەڵگەش بۆ ئەم وتەیەمان بریتیە لە هەبونی شوێن مۆر لە پەرستگاکاندا وەک ئەوانەی براک. لەبەر ئەوەی سیستەمی کارگێڕی لەم کەلتورەدا خێڵایەتی بوە، ئەکرێ سەرۆک خێڵەکان کۆنترۆڵی گەنجینەکانیان کردبێ (Mathews, 2003 P. 133.). چونکە ئاستی ئاڵۆزی مۆتیفی سەر مۆرە دۆزراوەکانی ناو گەنجینەکان هاوتای کارگێڕی خێڵایەتین بەراورد بەوانەی سوسە. بەڵام هێشتاش تەکنیکی بەکارهێنانی مۆرە لولەییەکان لە ڕووی کارگێڕییەوە ئاستێکی باڵای هەبوە لە کۆنترۆڵکردنی مامەڵەکاندا (Schwartz 1987, P. 98.). بۆیە پێئەچێ ئەو دەزگایەی کارگێڕی گەنجینەکانی کردوە دەسەڵات و ئابوریان زیاتر بوبێت لە هی خێڵێک (Mardas, 2019, p. 166). لە گردی ڕەقای لەگەڵ گەنجینەکەدا کۆمەڵێک ژووریش بۆ لایەنی کارگێڕی بەکارهاتون (Badra, 2015, p.113). لە براک(Mathews, 2003, p. 107)، عەتیج و هتد، کۆمەڵێک داشی tokens جۆراو جۆر دۆزراونەتەوە کە ئەکرێ بۆ ژماردنە ئاڵۆزەکان بەکارهاتبن (وێنەی ژ. ٧)(Fortin, 1998, p. 19). لەبەر گرنگییان هەندێک لە گەنجینەکان بە شورا یان دیوارێکی بەهێزی بازنەیی دەورەدراون(Badra, 2015, p. 112). ئەکرێ سەرۆک خێڵەکان بەکاریان هێنابن بۆ بەڕێوەبردنی دانەوێڵەکان و دابەشکردنەوەیان، ئەمەش وەک جۆرێک لە ناوەندی بوونی بەرهەمهێنانی دانەوێڵە ئەبینرێت(Del Bravo, 2012, p. 374).

دەربارەی ئەوەی ئایا ئەم گەنجینانە ئەوەنە گەورەن کە بەشی هەڵگرتنی دانەوێڵەی ساڵێکی دانیشتوان ناوخۆیی بکات؟ بۆ وەڵامی ئەمە توێژینەوەیەکی ووردکراوە و دەرکەوتوە کە ١م٣ جێگای زیاتر لە نیو تەن جۆی هەیە، هەر تاکە کەسێکیش ڕۆژانە پێوستی بە ٢٥٠٠ کالۆری هەیە، یەک کیلۆ جۆش توانای دابینکردنی ٣٤٠٠ کالۆری هەیە، واتە مرۆڤێک ڕۆژانە بە ٧٥٠گم جۆ ئەژی. کەواتە گەنجینەیەکی ١م٣ پڕ لە جۆ توانای ژیاندنی کەسێکی هەیە بۆ ماوەی ١٨ مانگ(Paulette, 2015, pp.47-9). بۆ نمونە یەکێک لە سایلۆکانی گردی بەیدەر کە زیاتر لە ١٧٢م٣ شوێنی هەڵگرتنی دانەوێڵەی هەبوە کە ئەکاتە جێگای زیاتر لە ٧٦ تەن جۆ، خەمڵێنراوە کە بەشی زیاتر لە ١٠٠٠ کەسی کردوە بۆ ماوەی یەک ساڵ(Paulette, 2015, p. 69).

هەندێک لە نشینگەکان ئەرکیان تەنها هەڵگرتنی دانەوێڵە نەبوە، بەڵکو دانەوێڵەشیان تێدا گۆڕاوە بۆ خواردن. بونی کۆمەڵێک تەشت و زەوی سواخدراو لەناو هەندێك لە گەنجینەکان، نیشانەی ئەوەیە کەدانەوێڵە بەقۆناغێکی ئامادەکردندا ڕۆشتوە پاشان لەگەنجینەکاندا هەڵگیراون ((Badra, 2015, p. 113 بە بەڕای ئێمە ئەمە بۆ گۆڕینی دانەوێڵە بوە بۆ بەرهەمە خۆراکیەکانی وەک ساوەر یان بۆ دروستکردنی بیرەبوە. لەگەڵ ئەوەی نان لە گەنم و جۆ دروستکراوە، بەڵام شلەمەنییەکانیش ئەوانەی کە لەدروستکردنیاندا دانەوێڵە بەکارهاتوە وەک گەنمە کوتاو porridge لە ژەمە خۆراکیە سەرەکیەکانی خەڵکی مێسۆپۆتامیا بوە و بگرە لە نان زیاتر ویستی بووە ,Powell) .(2003, p. 13, citied by Paulette, 2015, P. 9

## ئەنجام

ئەم توێژینەوەیە گەشتە ئەو ئەنجامانەی لای خوارەوە.

یەکەم: سەرەڕای کۆمەڵێک ڕێگری سروشتی هێشتا کۆمەڵگەی نەینەوا پێنج وەک کۆمەڵگە کۆنەکانی تری نیشتەجێ لە باکووری مێسۆپۆتا توانیویانە شارەزاییی خۆیان بۆ زیادکردنی بەرهەمی کشتوکاڵی بەکاربهێنن لەڕێگەی بەکارهێنانی زۆرترین زەوی و دۆزینەوەی دانەوێڵەی گونجاو بۆ سروشتی ناوچەکە. ئەمەش وایکرد کە بەرهەمیان بەشی بەکارهێنانی ناوخۆیی بکات و هەندێک جاریش بەرهەمە زیادەکەیان بنێرنە دەرەوە.


دووەم: سەرەڕای کشتوکاڵکردن، کارگێڕی کردن و زانینی چۆنیەتی هەڵگرتن و گواستنەوەی دانەوێڵەکانیش پیشەیەکی سەرەکی ئەم کەلتورە بوە.

سێیەم: خوێندنەوەی چاپ/شوێن مۆرە لولەییەکان ئاماژە بەوە ئەدەن کە سەرپەرشتی کشتوکاڵکردنی و کارگێڕیکردنی دانەوێڵەکان و گواستنەوەی زیادەی بەرهەم لەلایەن سەرۆک خێڵێکانەوە ئەنجامدراون.


چوارەم: گەنجینە لە زۆربەی نشینگەکانی ئەم کەلتورەدا هەبوە، ئەمەش وەک پێداویستیەکی بنەڕەتی نشینگەکە ئەبینرێت.

پێنجەم: بوونی گەنجینەکان نیشانەیە بۆ بوونی کاری هەرەوەزی و پێکەوەیی.

شەشەم: ئەرکی لە پێشینەی گەنجینەکان بۆ هەڵگرتنی دانەوێڵەکان بۆ بەکارهێنانی ناوخۆیی بووە پاشان ناردنە دەرەوەی زیادەی بەرهەم.




**وێنەی ژ.١:**
**گەنمی جۆری ئێمێر،وەرگیراوە لە .Ahmed, 2012, image, 6:b**



**وینەی ژ. ٢:**
**کوتان/گێرەکردنی خەرمان، شوێن مۆرێکی لولەیی لە ئەرسەلان تەپە دۆزراوەتەوە، وەرگیراوە لە Anderson, et al., 2006, p. 1559.**




**وینەی ژ.٣:**
**کوتان/ گێرەکردنی خەرمان بە تەختەداری دانددار لە ڕۆژگاری نوێ لە باشووری سوریای ئەمڕۆ، وەرگیراوە لە .Anderson, et al., 2006, p. 1559**





**وێنەی ژ. ٤:**
**گەنجینەکانی گردی ثلاثات، وەرگیراوە لە .Schwartz, 1987, figs, 1 & 2**




وێنەی ژ. ٥:
گەنجینە لە شێوەی ژووری لاکێشەیی گردی عەتیج، وەرگیراوە لە Fortin, 1998, fig. 19




وێنەی ژ. ٦ :
أ: سێ شوێن مۆری لوولەیی لەسوسە دۆزراونەتەوە کە نیشانەن بۆ سایلۆی کومەزدار،
ب: پارچە شوێن مۆرێکی لوولەیی ڕەقای، کە پێدەچێ هاوشێوەی ئەوانەی سوسە بێت.
بەدەستکارییەوە وەرگیراون لە Sanchez, 2011, fig,.173-174.




نەخشەی ژ. ١:
هەڵکەوتەی نشینگەکانی نەینەوا پێنج لەسەر ڕۆخی ڕوباری خابور، دروست بوونی دەشتی لیتەیی لەقەراغ ڕووبارەکە بەهۆی لافاو و هەستانی ئاوەوە، وەرگیراوە لە Hole, 1999, fig. 7.



وێنەی ژ. ٧:
کۆمەڵێک توکنز (کەرەستەی ژماردن) لە گردی عەتیج دۆزراونەتەوە، وەرگیراوە لە Fortin, 1998, p. 19

## لیستی سەرچاوەکان

-الجميلي، قصي صبحي، عصر نينوى الطبقة الخامسة دراسة أثرية، اطروحة دكتوراه، جامعة الموصل، ٢٠٠٦.

-Ahmed, K. (2012) The Beginnings of Ancient Kurdistan, (c. 2500-1500 BC) A Historical and Cultural Synthesis, Unpublished PhD Dissertation, Leiden.

-Anderson, C. P., Georges, J. M., Vargiolu, R. and Zahouani, H. (2006). Insights from a Tribological Analysis of the Tribulum, *Journal of Archaeological Science* 33.

-Badra, N. (2015) Storing Grains during Ninivite 5 Period in the Khabour Basin: Ways and Methods Used, *Scientific Culture* 1, 1.

-Ball, W. and Wilkinson, TJ. (2003). Ninevite 5 Town and Country in Northwestern Iraq, in Origins of North Mesopotamian Civilization……. *Subartu 9*.

-Schwartz G., M. (1985) the Ninevite V Period and Current Research, *Paléorient,* 11.

…….. (1987) The Ninevite V Period and the Development of Complex Society in Northern Mesopotamia, *Paléorient* 13.

-Stein, G. J., and Wetterstrom, P. (2003). Settlement Trends and the Emergence of Social Complexity in the Leilan Region of the Habur Plains (Syria) from the Fourth to the Third millennium B.C., in H. Weiss and E. Rova (eds.), the Origins of North Mesopotamian Civilization: Nenivite 5 Chronology, Economy, Society, *Subartu* 9.

-Ur, A., J. (2004) *Urbanism and Society in the Third Millennium Upper Khabur Basin*, Unpublished PhD. Dissertation, Chicago.

-Weiss, H. (1983) Excavation at Tell Leilan and the Origins of North Mesopotamian Cities in the Third Millennium B.C., *Paléorent* 9/2.

……. (1986) The Origins of Tell Leilan and the Conquest of Space in Third Millennium Mesopotamia, in H.Weiss (ed.), The Origins of Cities in Dry-Farming Syria and Mesopotamia in the Third Millennium B.C. Guilford: *Four Quarters Publishing*.

-Wetterstorm, W. (2003) Ninevite 5 Period Agriculture at Tell Leilan: Preliminary Results, in H.Weiss and E. Rova (eds.), the Origins of North Mesopotamian Civilization: Nenivite 5 Chronology, Economy, Society, *Subartu* 9.

-Del Bravo, F. (2012) Production Processes During the Formative Ninevite 5 Period, Ceramic Processing Sites of the Upper Tigridian Region, in Matthews,R. and Curtis(eds), Field Work & Recent Research, Proceedings of the 7th *, ICCANE* 3

-Fortin, M. (1995) Rapport préliminaire sur la 5ém champagne a Tell Atij et la 4ém a Tell Gudeda, *Syria*, 72: 1-2.

…… (1998), New Horizons in Ancient Syria: The View from ›Atij, Near Eastern Archaeology 61:1

Grossman, K. (2013). *Early Bronze Age Hamoukar: A Settlement Biography, forthcoming* PhD. Dissertation, Chicago.

-Hole, F. (1999). Economic Implications of Possible Storage Structures at Tell Ziyade, NE Syria, *Journal of Field Archaeology* 26.

-Mardas, J. (2019) *Development of Settlement in the Northern Iraq since Hassuna till Ninevite 5 Period (6500-2600 BC.)*, Unpublished PhD Dissertation, University, Poznań.

-Mathews, R. A (2003), Chiefdom on the Northern Planes Early Third-millennium Investigation : the Ninevite 5 Period, in Mathews, R. (eds), *Excavation at Tell Brak* , vol 4, *Exploring an Upper Mesopotamian Regional Centre, 1994- 1996*, Oxbow Books, Oxford.

-McMahon, A. (2020). Early Urbanism in Northern Mesopotamia, *Journal of Archaeological Research* 28.

Mellaart, 1975, p. 52. Cited by Rova, 1988, p. 115.

-Paulette, T. S. (2015). *Grain Storage and the Moral Economy in Mesopotamia (3000-2000 B.C.)*, a PhD Dissertation, Chicago.

-Paulette, T. (2015) *Grain Storage and the Moral Economy in Mesopotamia (3000-2000 B.C.)*, Unpublished PhD. Dissertation University of Chicago.

-Pfälzner, P. (2002) Modes of Storage and the Development of Economic Systems in the Early Jezireh-Period, in: L. Al-Gailani Weir, J. Curtis, H. Martin, A. -McMahon, J. Oates and J. Reade (eds.) *Of Pots and Plains: Papers on the Archaeology and History of Mesopotamia and Syria Presented to David Oates in Honour of his 75th Birthday*. Malibu: NABU Publications,